Kurdocide Watch

Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# له یادی 27 ساڵەی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان

## ڕِۆژی 7-31 , ڕِۆژی بێسەروشوێنکردنی 8000 شەهیدی بارزانی , هەموو بەیەك دەنگ پێکەوە بڵێین " سەرجەم تاوانبارانی کوردستان بۆ دادگا"

له ڕِۆژی 31-7ی ئەمساڵ , 27 ساڵ بەسەر بێسەروشوێنکردن و شەهیدکردنی 8000بارزانی تێدەپەڕِێت , 27 ساڵ پێش ئێستا ڕژێمی درندەی بەعس له 30_7_1983 و 31_7_1983 و 15_8_1983 هەزاران کوردی بارزانی نێرینه له سەروی 10 ساڵییەوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و حەرەسی جمهووری دەستگیرکران و بەرەو چارەنووسێکی نادیار بردران و خانەوادەکانیان لەباردۆخێکی سەختدا دەژیان و پەیوەندییان بە کەسوکاریانەوە پچڕا.

له 30_7_1983 تاوانبارانی بەعس شێخ عوسمان و شێخ ئەحمەد و کوڕانی عیماد و ڕەزوانیان دوای تەبلیغکردنیان بە ئامادەبوون له کۆشکی کۆماری دەستگیرکرد.

له 31_7_1983ش کۆمەڵگەکانی -قودس و قادسیە- له ناحیەی قوشتەپە تەوقدران،دەستگیرکراوانیش پێیان گوترابوو که دەچنە کۆبوونەوەیەك و دەگەڕێنەوە، بەڵام دواتر بەرەو کەرکووك گوێزرانەوە . له 10_8_1983 جارێکی دیکە هەزاران کورد له ڕەگەزی نێر له عەشیرەتی بارزانی دەستگیرکران. هەمان هێزی ناوبراو ئەو کارەی جێبەجێکرد ئەو جارە له کۆمەڵگاکانی بەحرکە و دیانا و مێرگەسوور هیچ کەسێکیش لەوان بە گەورەو بچووك هەڵاوێرد نەکران نەمنداڵ نەپێر نە نەخۆش نە فەرمانبەری دەوڵەت.دوایی بە کۆمەڵ له بیابانەکانی باشووری عیراق شەهیدیانیان کرد , تا ئێستا نزیك بە 500 تەرمی ئەوان دۆزراوەتەوەو هێنراوەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان .

ژیانی پڕِ له دەردو مەینەتی پاشماوەی ئەو قوربانیانە , مەرگەساتی دایکان و خوشکانی بارزانیمان , هەموو ویژدانێکی زیندووی کوردی بە ردە وام ئازار دەدا , بەردەوام ڕِق و تۆڵەی له بەعسییەکان و نۆکەرانی له ویژدانمانا دەچاند .

ئەمڕِۆ له کاتێکدا یادی ئەو ئازیزانەمان دەکەینەوە , که له به رواری 2_3_2009 دا دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی فیدڕاڵ یەکەمین دانیشتنی خۆی دەربارەی کەیسی ئەنفالی بارزان دەستپێکردو لەو دانیشتنەدا داواکاری گشتی موڕافەعەی خۆی پێشکەشکردو شایەد حاڵانیش قسەی خۆیان هەبووو تا هه نووکه دادگا بە ردوامە .

هه روهها دۆسییەی دادگایی تاوانباران له پای تاوانی ئەنفال کۆتایی پێهات , لی زیاتر له 3ساڵ بە سه ر بریاری سزاداني توابار ان ده گوزه ریت که چی بریاره کان تا ئیستا جیبه جیناکرین , جگه له ئعدامکردنی عەلی کیمیاوی .

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك له 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال له دایکبوو, پاشان له 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , له 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**

مەخابن هەموو تاوانکارە سەرەکییەکانی ئەم تاوانە کە سەدام و بەرزان تکریتی بوون بیَ لیَپرسینەوە لەسەر ئەم تاوانە بۆی دەرچوون . ئیَمە لە سالی 2006 و لە یادی 8000 بارزانی ئازیزماندا داوامانکرد و وتمان " ئیَمە لەم یادە پڕِ لە تراژیدیاو کارەساتاوییەدا , گەلەکەمان هوشیار دەکەینەوە , بە هوشیاری و وردبینییەوە چاوەڕوانی پرۆسەی دادگاییەکان ببین و , ڕیَگە نەدەین هیچ تاوانیَکی رِژیَم , بەرامبەر بە گەلەکەمان , بەبیَ دادگاییکردنی تاوانباران لە سەری بە سەرماندا تیَپەڕیَت , لە بەرامبەر هەر چاوەڕوانکراوییەکی لەم چەشنەدا , دەبیَت هەموو جەماوەری کوردستان برِژیَنە سەر شەقامەکان بە توندی دەنگی نارِەزایەتی بەرز بکەنەوە , هەروەها لە حالەتی وادا بیَدەنگی حکومەتی کوردستان و هیَزە سیاسییەکانیش خەتایەکی گەورەی میَژووییە بۆ هەتا هەتایە لیَی دەرناچن , بۆیە دەبیَت بە هوشیاری و وردبینییەوە چاوەڕوانی وردەکارییەکانی دادگا ببین و خۆمان بۆ هەموو ئەگەریَك ئامادە بکەین , ئەوەی بۆ ئیَمە گرنگە دادگاییکردنی تاوانبارانە , نەك ئیعدامی بە پەلەی تاوانباران و شاردنەوەی ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامدراوە , تەنها لە ڕیَگەی دادگاییکردنەوەیە قەوارەی تاوانەکان و مەزلۆمیەتی گەلەکەمان بۆ هەموو جیهان ئاشکرا دەبیَت , دەردەکەویَت ژیانی کورد لە ژیَر سایەی دەسەلاَتی داگیرکەران هەموو کۆمەلَکوژی و ژینۆسایدە . "
مەخابن ئەو داوایەمان نەهاتە دی و کەسیش گویَی لیَنەگرتین و وتەکەمانی بەهەند نەگرترا , ئە وە ی زیانی کرد تە نها کورد بوو.

ئیَمە وەکو ناوەندی چاك داواکارین:

-حکوومەتی عیَراق داوای لیَبوردن لە کورد بکات لە بەرامبەر ئەم تاوانانەی دژ بە گەلەکەمان ئەنجامی داوە.
-قەرەبووی مادی و مەعنەوی کەسوکاری قوربانیانی بارزانی بکریَتەوە.
-بیَسەروشیَنکردن و شەهیدکردنی بارزانییەکان وەکو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی کۆمەلَکوژی بناسریَت.
-ڕوفاتی تە واوی قوربانیان بگەڕیَنریَتەوە بۆ کوردستان.
-بریارەکانی دادگا بەسەر تاوانکاراَن جیَبەجیَبکریَت و ناویان بدریتە پۆلیسی ئینتە رپول.
لە یادی 27 سالەی ئەم تاوانە جەرگبڕە , با ڕۆژی ئەو تاوانە گەورەیە بکەینە , ڕۆژی داواکاری گشتی بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تاوانباران , ڕۆژیَك هەموو پیَکەوە بلَیَین هەموو تاوانکاران بە بیَجیاوازی بۆ بە ردە م دادگا .

بەرز و بەریَز بیَت یادی 8000 بارزانی

**چاودێری کوردۆساید**

**Kurdocide Watch**

www.kurdocide.com

www.kurdocidewatch.net

kurdocide@hotmail.com

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالــکردنو جینۆسایدی گەلی کـورد- چاک )کاری دەکرد، لە بەرواری 24-1-2009 ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

**چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**